تورکیا...دەستگیرکردنی 33 کەس بە گومانی سیخوریکردن بۆ دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل

میدیاکانی تورکیا باڵاویکردەوە، 33 کەس بە گومانی سیخوریکردن بۆ دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل "مۆساد" لە ئیستانبوڵ دەستگیرکراون و بۆ نیازبون چەند ئەرکێکی بەدواداچون و رفاندن ئەنجامبدەن.

داواکاری گشتی تورکیا بڵیاری دەستگیرکردنی بۆ 46 گومانیکراو و سیخوری دەزگای هەواڵگر ئیسرائیلی دەرکردوە کە بۆنیازبون چەند بیانیێک بۆ ئامانجبگرن لەو وڵاتە، تا ئێستاش 33 کەسیان دەستگیرکراون و هێزە ئەمنییەکانی تورکیاش بە دوای 13 کەسەکەی دیکەدا دەگەڕێن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی بە هێزە ئەمنییەکانی تورکیا گەیشتوە، دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل بۆنیازبوە ژمارەیەک هاوڵاتی بیانی لە تورکیا دەستگیربکات کە هەندەکیان ئەندامی بزوتنەوەی حەماسن، یاخود زانیاریان لەبارەی بونی فەلەستینییەکان لە تورکیا دەستبکەوێت.